هەرکەسێك بەهۆی کەمتەرخەمیەوە واز بهێنێت لە (نوێژی) هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات

لە ئەبی جەعدی زەمریەوە -ڕەزای خوای لێبێت-، کە یەکێك بوو لە هاوەڵان، دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێك بەهۆی کەمتەرخەمیەوە واز بهێنێت لە (نوێژی) هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی هەینی، وئەو کەسەی بەهۆی کەمتەرخەمی وشلپڕەویەوە بە بێ پۆزش ئامادە نابێت لە سێ نوێژی هەینی؛ ئەوا خوای گەورە مۆر لەسەر دڵی دەدات ودایدەپۆشێت بۆیە چیتر خێری پێناگات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65768